# وەعزەدەری کوردایەتی: بوغزێنەری مارکسایەتی

پلۆمیکێکی کاتیی بۆ دوا خوتبەکەی هاوڕی باخەوان لە "میدیا"دا

**هەندرێن**

دیارە تشتێکی , نەک "شت"ێکی نوێ نییە کە بێژین، ڕۆژانە دەیان تشتی سەیر، لە هەموو بوارێکدا، بەناوی نووسینەوە لە ڕاگەیاندنی کوردییدا فرێدەدرێن. ئەگەر مرۆ کات و ژیانی خۆی بەو تشتانەوە تەرخانبکات، دەبێ هەمیشە خەریکی وەرامدانەوە و ڕاستکردنەوەی ئەو تەرزە قسە هەلیت و پەلیتانەوە بێت. لێ گریمان ئەگەر ئەو ئەرکەشت کرد بە هی خۆت، کەچی کێشەکە لەوەدایە تا ئەو بنەمای جەڵەبییە لە نووسیندا و ئەو مۆدەی ڕۆژنامەرگەییەی کە ئێستا لە کوردستاندا بۆتە بەشێک لەو دووکانداریییەی کە حیزبەکان دایانهێناوە باو بێت، ئەو شێوە لە نووسینە جەڵەبییەش لە ڕاگەیاندنی کوردییدا بازاڕی بە هەرمێنتر دەبێت.

بەڵێ، سێ شەممەی ڕابردوو، 2010.4.20 بە دەم هەڵدانەوەی لاپەڕی ڕۆژنامەی "میدیا"وە بووم، کە من بە زۆری تەنێ بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵ و هەندێ ڕووداوی ڕۆژ سەیری هەندێ ڕۆژنامە و چەند ماڵپەڕی کوردییش دەکەم، چاوم بە وەلامێکی هاوڕێ باخەوان (کە ڕاستییەکەی لە ڕووی ڕێنووسەوە دەبێت "خ" بکرێ بە "غ" ، باخەوان بکرێ بە باغەوان) کەوت کە، وەک باوە، هەموو ڕۆژانی سێ شەممە، وەک چۆن ڕۆژانی هەینی مەلایەکان خوتبە دەدەن، ئەویش وەعز و خوتبە لەسەر ئەو پرسیارانە دەدا کە لە لایەن ئەو ڕۆژنامەوە ئاراستەی دەکرێت. وەعزی ئەو سێ شەممەیەی هاوڕێ باخەوان لەسەر هۆکاری "ئیفلاس"ی حیزبی شیوعی بوو. ڕاستییەکەی هەرچەند وابزانم پێشتر وتارێکی هاوڕێ باخەوانم بە تەواوی نەخوێندۆتەوە، لێ دەزانم خۆی وەک موفەکیرێکی کوردایەتی دەزانێت و لەوەدەچێت "ئەکادیمی"یش بێت. بۆیە کەمێک بۆم سەرنجڕاکێش بوو کە بزانم ئەو "پسپۆڕە" ستووننووسەی "میدیا" چۆن هۆکاری "ئیفلاس"بوونی حیزبی شیوعی لێکدەداتەوە.

لێرەدا بە جەغتکردنەوە بە خوێنەر و هاوڕێ باخەوان دەڵێم، کە ڕاستە من لە هەشتاکاندا هەشت نۆ ساڵێک پێشمەرگەی حیزبی شیوعی بووم، لێ نە ئەوکات و نە ئێستاش من پێم وانییە نەک هیچێک لەو حیزبە کوردیی و غەیرە کوردییانە، بەڵکو هیچ ئایدیۆلۆژییەکیش، تا نووسەر و سیاسەتکاری کورد لە بری ویستی نەتەوایەتی دووڕوویی ، مجگێزی خێڵەکیی، حیزبخوازیی و پارەخوازیی ئامانجیان بێت، کورد لەو ڕەوشە کلۆڵ و بندەستییە ڕزگارکەر بکات. وەک مجگێزیش کەیفم بە هیچ حیزب و ڕێبازێکی سیاسیی نایێت. لەوەش زیاتر، من پێش هاوڕێ باخەوان و هاوڕاکانی لەو گرمۆڵەبوون یان بە دووکانداریکردن و تەقاویتاندنی حیزبی شیوعی بە ئاگام و هەڵوێستی خۆشم بە شێوەی ڕووبەڕوو و بە نووسینیش لەو دۆخە شەرمهێنەرەی حیزبی ئەوان ڕاگەیاندووە. لەوەش گەرێ، کە سەرکردایەتیی و ڕاگەیاندی ئەو حیزبە هێندە دەمچەفت و خەنی خۆشن بە دووکانەکانیان، بۆیە نە توانای گفتوگۆیان لەگەڵ نەیارەکانیان هەیە نە

سەرکۆنەکردنی دۆستەکانیانیشیان بۆ گرینگە. کەواتە فرۆشتنی حیکایەتی کوردایەتیی و هەڵوێست بە من لە هەر کەسێکەوە بێت، بە فشە وەردەگرم.

گرینگە بزانرێت، کە هاندەری ئەم رەخنەگرتنەی من لە وەڵامە ستوونییەکەی هاوڕێ باخەوان خودی قسەکانی نییە لەسەر حیزبی شیوعیی و مارکس، بەڵکو ئەو شێوازە لە گاڵتەپێکردنەی ئەوە بە حیزبی شیوعیی و مارکس. دیارە ئەرکی نووسەر و سیاستوانە پسۆڕەکانە کە وەک بابەتێک کێشەکانی جڤاکەکەیی و جیهانیش راڤە بکەن، لێ گاڵتەکردن و ڕابواردن لە ژێر ناوی "پسپۆڕ"ییەوە بە حیزبی شیوعیی و مارکس یان هەر هزرڤان و حیزبێکی تر مانای نەزانییە. لێرەوە شێوەی گاڵتەکردنەی هاوڕێ باخەوان هەمان ئەو نەریتە خێڵەکییە کە لە جڤاکە دواکەوتەکاندا باڵادەستە، لەو تەرزە جڤاکە خێڵەکییانەدا، کە کوردستان نموونەیەکییەتی ، ئەگەر تاکەکەسێکی بێکەس، لێقەوما یان، بەواتای باخەوان، حیزبێکی "ئیفلاس"کردووی وەک شیوعی ... تاد بێهز بوو ئیتر لە لایەن ئەو کۆمەڵ و حیزب و هێزە باڵادەستانەی کە پشتئەستوورن بە ئەخلاقی نەریتسالاریی ئەو جڤاکەوە، گەلەکۆمەکییان لەسەر دەکرێت. بەمجۆرە "تەحلیل"ەکەی هاوڕێ باخەوان لەمەڕ "ئیفلاس"کردنی حیزبی شیوعییەوە لە سەرچاوەی ئەو ئەخلاقە خێڵەکییەی جڤاکی کوردییەوە هەڵقووڵاوە. بۆیە "ستوون"ەکەی باخەوان، خۆی گوتەنی، گەلەکۆمەکییەکی "ئارۆگانت"انەیە بۆ سەر سەر حیزبی شیوعیی و مارکس نەک رەخنەیەکی ئاوەزییانە. ئەگینا ئەو دۆخەی کە حیزبی شیوعیی تێیدا دەژیت مایەی رەخنەیەکی هەژێنەر و وەرچەرخێنەرە.

بەڵێ، هەر دوای خوێندنەوەی چەند دێرێکی ئەو ستوونە، زانیم ئەو ستوونووسەش هەمان بەزمی ئەو بەناو نووسەرانە دەڵێتەوە کە خۆیان بە وەعزەدەری کوردایەتییەکی بێکردە دەزانن. بۆیە لە تێدامان بەرانبەر قەدەری بندەستی کوردستانیشدا نەک هەر حیزبی شیوعی، بەڵکو مارکس و مارکسیزمیش دەبوغزێنن. لە کن ئەو نووسەرە کورد ـیزم خوازانە هەموو مێژووی بندەستی کورد نەک هەر هۆکردی حیزبی شیوعییە، بەڵکو خەتای خودی مارکس و مارکسیزمیشە. هەروەک پێش مارکس کورد بندەست نەبووبێت، هەروەک دوای رمانی سەدام خەتای مارکس و حیزبی شیوعی بوو بێت کە کەرکوک بوو بە دووکانی پارە پەیدا کردن لە لایەن حیزب و نووسەرە بەناو ناسیۆنالیست و بە کردەوە پارەخوازەکان. ئەدی ماوەیەک ئەوە سکرتێری حیزبی شیوعی عیراقی نەبوو کە شەڕی لەسەر جێبەجێکردنی مادەی 140دەکرد؟ تۆ بڵێی هاوڕێ باخەوان پێی وابێت، کە کردنی مادەی 140 بە حیکایەتی مێشێ و ناودێرکردنی موسل، کەرکوک و گەرمیان بە "ناوچە جێناکۆکەکان"، خەتای مارکس و حیزبی شیوعی بن؟ دوای تەواوکردنی ئەو "تەحلیل"ە بنکۆڵەی هاوڕێ باخەوان بە خۆم گوت، ئەگەر هەموو وەعزی سێ شەممەکانی رابردووی بۆ پرسە رۆژهەڤێکانی کورد ئەوها بن، ئیتر حکومەتی کوردستان بۆ تێگەیشتن لە دۆخی سیاسی ناوچەکە و جیهانیش پەکی ناکەوێ.

دواجار پاش خوێندنەوەی ئەو وەعزە ستوونییەی هاوڕێ باخەوان بیرمکردەوە بە بینانۆی ئەو وەعزەدانەی ئەوەوە کە ستوونێکی بەرین و بێسنوور لەسەر ئەو کوردایەتییە خێڵەکیی، لاساییکەرەوەی پان-عەربیزمە، بەعسی ئاسا، ئەو بە باو بوونی جۆرە پرسیار و وەڵام، لێکدانەوە ستوونییانەی کە لەسەر دۆخی ئێستای کورد کە وەک مۆدەیەک لە رۆژنامەکاندا دەنووسرێن و ئەو بوغزاندنەی مارکسیش بنووسم کە نووسەرگەلێکی وەک باخەوان خۆیانی پێ هەڵدەتەکێنن. لێ راستییەکەی ئەو وتارەی کە من گەرەکم بوو بینووسم، لەو دەمەدا لەبەر بێکاتیی و بێهوودەییش لەو دۆخە نەگۆڕەی کورد لەوێ راوەستێ، بۆم نەنووسرا، بۆیە لە بری ئەوە بە باشم زانی ئەو شێوازە لە رەخنە پلۆمیک، رەخنە رووبەڕووبوونەوەیە هەڵبژێرم.

بەڵێ، رۆژنامەی "مێدیا" کە بە رووکەش گوایە دەمڕاستی "کوردایەتی" یەکەی "کۆنگرەی نەتەوایەتی" دەکا و لە جەوهەریشدا بەشێکە لەو دووکاندارییە عەنتیکانەی کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان بەناوی رێکخراو و رۆژنامەی سەربەخۆوە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کۆمەکیان دەکا یان قووتی کوردوونەتەوە. بۆیە "میدیا" لە ژێر چەتری ئەو تەرحە کوردایەتییە رووکەشەوە ستوونە هەفتانەکەی بۆ وەعزەکانی کاکە هاوڕێ  باخەوان تەرخانکردووە. دیارە من مەبەستم چاکیی ناچاکی ئەو رۆژنامانە نییە کە چۆن و کێ کۆمەکیان دەکەن، لێ گەرەکە وەک خۆیان ناودێریان بکەین.

سەرەتا لەوە بترازێن، کە ئەوە بێدەماریی سەرکردایەتیی و بنکردایەتی حیزبی شیوعییە کە ئەمڕۆ بۆ بەردەوامبوونی دووکانەکانیان ئەو حیزبەیان گەیاندە ئەو ئاستە کە باخەوانە بێ کوردایەتییەکان ببنە وەعزدەری مێژووی ئەو حیزبە  بگرە بڕیاردەری هزری مارکسیش. بەڵام گاڵتەجاڕی لەوەدایە کە مامۆستا باخەوان، کە وابزانم لە دەرێ دەژی، کەچی وەک مەلای گوند وادەزانێ بۆ جوتیار و شوانی گوند دەخوتبێنێ، بۆیە لەو ستوونە وەعز ئاسایەدا وا باسی شیوعی دەکا کە گوایە لە هەشتاکان و ئێستاش دژی کوردایەتی بووە، وەهاش باسی پارتی دیموکراتی دەکا کە گوایە حیزبێکە لە هەشتاکان و ئێستادا خەریکی "کوردایەتی" بووە.

وەلێ باخەوان کە بەو کوردایەتییەیەوە  قەولە بە تیۆری"برا لە پشت برا بێت، مەگەر قەزا لەلای خوداوە بێت" کوردستانی "گەورە" مان بۆ بسازێنێ، لە بیری چۆتەوە کە خودی پارتی تا کۆتایی هەشتاکانیش لە ترسی یەکێتی نیشتمانی نەیدەتوانی لە دەڤەرەکانی هەولێر و سلێمانیی و گەرمیاندا بە خەباتی نهێنیش بحەوێتەوە، بۆیە لە بری ئەوە بە ناچاری بۆ ئەوەی رژێمی ئیسلامی لە ئێران دەری نەکات، ناچار بوو لە کاتی هێرشی رژێمی ئیسلامی دژی  حیزبی دیموکراتی ئێراندا، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ  بۆ لێدانی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی ئێران بەلەدی بۆ پۆسدار بکات. وەکو تر، ئەوێ رۆژێ لە زێوە، رژان و کەرەج خەریکی "کوردایەتی" بوو. لەوەش گەڕێین، کە پارتی دیموکرات هەرچەند راپەڕینی جەماوەر لەو دەربەدەرییەی ئێران رزگاریی کرد، کەچی دواجار دوای گەرمبوونی بازاڕی شەڕی خۆکوژیی و دۆڕاندنی لە هەولێر، بۆ راونانی "براکەی یەکێتی نیشتمانی" لە 1996دا ئەو سەربازانەی رژێمی بەعسی هێنایەوە هەولێر کە هێشتا دەست و چەکمەکانیان خوێنی  منداڵ، پیر، ژن و کیژەکانی کوردستانیان لێدەچۆڕایەوە! هەروەک هێشتا دەشت و چیاکانی کوردستان بۆنی دوکەڵی کیمیایی ئەنفال بەری

نەدابوون! پێویستیش ناکات باخەوان و هاووێنەکانی زوو باسی ئەوەم بۆ بکەن، کە پێشتر یەکێتی نیشتمانیی بەسیج و ئیتلاعاتی ئیرانی تا کۆیێ هێنابوو! ئەو بەزمانە هەموو خەتای مارکس و حیزبی شیوعیین کە کوردایەتییەکەی کاکە باخەوانیان بێ" باخ " و "باخەوان"ی کوردایەتی کردووە. ناچارم بە یادی باخەوان بهێنمەوە کە خودی پارتی تا 90 لە پەیڕەوی ناوخۆیدا نووسیبووی، کە بڕوای بەو سۆسیالیزمە هەبوو کە کاکە باخەوان مەعیدەی پێدەگیرێت.

لێ گوایە پارتی لە هەشتاکاندا حیزبی شیوعی پەناداوە، ئەمەیان وەعزێکی نوێیە کە ئەو لە باخە کوردایەتییەکەیدا بەرهەمیهێناوە. من کە فشەم بە هەموو ئایدیۆلۆژییەکی قالبدار دێت، لێ وەک پێشمەرگەیەکی ئەوێ ڕۆژێی حیزبی شیوعی، دەزانم پارتی لە دەڤەری هەولێردا، چۆن بوو و چیکردووە. کە من لە 1984 بۆ ساڵێک لە ڕاگەیاندنی ناوەندی شیوعی بووم کە لە دەڤەری "لۆلان" و "دەروا" بوو، پارتی کە تازە ڕاگەیاندنێکی شڕۆکەی لە نزیک شارۆچکەی شنۆ دا بە دیوی "لۆلان"دا دانابوو، مانگانە ڕۆژنامەی "خەبات"یان دەهێنایە ڕاگەیاندنی حیزبی شیوعی، تاکوو یارمەتی بدات. هەروەک ئەوکات زۆرێک لەو گەنجانەی کە سەر بەو خێزانە پەنابەرانەی پارتی بوون، دەبوون بە لایەنگر و ئەندامی حیزبی شیوعی. گاڵتەجاڕییە کە حیزبی شیوعی لەسەر داکۆکی کردن لە پارتی کە مافی خۆیەتی بێتەوە کوردستان خەبات بکات، لە شەڕی خۆکوژیی لەگەڵ یەکێتی دەیان پێشمەرگەی خۆی بە کوشتدا، کەچی ئەوکات پارتی بە زۆری جار و بار چەند بەناو پاشمەرگە نەک پێشمەرگەی خۆی، وەک بەشێک لە "بەرەی کوردستان"ی ڕەوانەی کوردستان دەکرد و دوا وێستگەشیان لە دەڤەری باڵەکایەتی یان خۆشناوەتی تێندەپەڕیی و بە پەلەش دەگەڕانەوە "زێوە" و"ڕاژان" و "کەرەج". لێ نازانم ئەو ڕۆژگارە هاوڕێ باخەوان لە کوێ بووە و چی بووە، کەچی ئێستا بێت خۆی بکات وەعزدەری ڕاستیی و مێژوو بنووسێتەوە! لە هەشتاکاندا شیوعییەکان هەرنا وەک پاریی و یەکێتیی پاسداریان نەهێنا بۆ کوردستان تا ڕێگە بە سوپای بەعس بدەن کوردستان وێران بکات! بۆ ئەوەی سەدام سازشیان لەگەڵ بکات، پێشمەرگەی هێزەکانی تریان نەکوشت!

لە هەشتاکاندا کە یەکێتی نیشتمانی بۆ گاڵتە پێکردن، دەیگوت پاسۆک " مەنجەڵە دۆڵمەیەک" بەشیان دەکا، من بە چاوم خۆم دەمبینی کە لە "ناوزەنگ" و "پشتئشان" و "وەرتێ" حیزبی شیوعیی و سۆشیالیست پاسۆکیان دەپاراست. ئەو پاسۆکەی، کە بە واتای هاوڕێ باخەوان، خەمی ڕزگارکردنی هەموو کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوو، دەبوو پشت و پەنای"پسپۆڕ"گەلی وەک هاوڕێ باخەوان، گەلی کورد و حیزبەکانی تر قایم بووایە نەک شیوعیی و شوسیالیست . نازانم ئەوکات هاوڕێ باخەوان و ئەوانەی کە کاتی خۆی کۆنە جاش و موستەشار و ئێستاش مشەخۆری کوردایەتین لە کوێ بوون کە پاسۆک لەو لاوازیی و هەژاریی جەماوەرییە ڕزگار بکەن؟ ئەگەر مارکسیزم، باخوان واتەنی، مایە پووچە، ئەدی باشە وێڕای ئەوەی کە کورد لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو یان لە کاتی ڕماندنی ڕژێمی سەددمدا بە دەست ئەمریکاوە، ئەگەر هێزێکی کوردپەروەر و خاوەن ستراتیژی نەتەوایەتی هەبووایە، دەکرا سەربەخۆی خۆی

رابگەیەنێت، لەو دەمەدا بۆ "پاسۆک" وەک ئێستای حیزبی شیوعی خراپتر "ئفیلاس"ی کرد و دواجار بەشێکی زۆریان، وەک ئەو کۆنە شیوعییانەی ئێستا، بارگەیان بۆ ناو پارتی گواستەوە؟!

ئەوە نەزانی زۆرێک لەو بە ناو موفەکیرانەی کوردە کە ناموفەکیرانە هەموو هزری مارکس دەبەستنەوە بە حیزبە شیوعییەکانەوە، ئەگینا هەر ئەمساڵ لەگەڵ ئەو تەنگژە ئابوورییە جیهانییەوە لە وڵاتێکی وەک فەرەنسادا دووبارە بە تیراژێکی زۆرەوە "مانفێست"ی ئەنگلس و مارکس چاپکرایەوە و کۆمەڵناسەکانی ئەوێ گەڕاونەتەوە لای مارکس. هەروەک لەو ماوەیەدا بە هەزاران وتار لەسەر "سەرمایە"ی مارکس نووسراوە. لەوەش گەڕێ، کە کوردانی هەندەران چاویان لە حیزب و بزاڤە چەپڕۆکانە کە "ئەنفال" وەک کۆمەڵکوژیی بناسێنن.

تۆ بڵێی لە دواجاردا حیکایەتی کوردایەتییە وەعزەدرانەکەی کاکە هاوڕێ باخەوان بە وەرگرتنی پۆستێکی کوردانەی پارتی دیموکراتی ئاسا، وەک کۆی ئەوانەی کە لە کن پارتی دیموکراتیی بوونەتە "راوێژکار" و "خەبیر"ی بێراوێژ و خبرە و خومرە، پۆستی راوێژکارییەکی بێراوێژ، خەتم نەبێت؟! بەس دەترسم پۆستەکەی لەو دەزگای راگەیاندن و مەدەنییانەدا بێت کە کۆنە شیوعییەکان سەرۆک و بەڕێوەبەریینە و پێش ئەویش پەرەپێدەری رێبازی کوردایەتییەکەی رەحمەتی بارزانین!

بەهەمە حاڵ، خۆشی لەوەدایە کاتێک کاکە باخەوان، وەک گشتاندنێک، باس لەو پێرە کۆنە شیوعییانە دەکات کە دوای پەشیمانبوونەوە یان بە هۆی مەگیرانکردن و هاربوون بە دوای پارە و دەسەڵاتەوە بوونەتە پارتی، کەچی ئەو هاوڕێیە کوردپەوەرە باسی ئەوەشمان بۆ ناکات، بۆچی پاسۆک، کە هەڵبەت دەبێ هاوڕێ باخەوان یەکێک بێت لە هاوبیرانی، دوای بە هەڕمێنبوونی پارە و نەمانی کوردایەتی لە کوردستاندا، بە واتای باخەوان "ئیفلاس"بوو و ئێستاش بەشێکی زۆریان لە دەوروبەری پارتی دیموکراتدا دەخوولێنەوە. ئەدی ئەو کوردایەتیی و خەونە خۆشانەی کە پاسۆک خەونی پێوە دەبینێ چیان لێهات؟ رەنگە خەتای مارکسیزم بێت ئەو خەونانە بە زایەع چوون، وەک زۆر لە خۆ بە نەتەوەزانە باخەوان ئاسا بێ "ئیزم"ەکان باسی دەکەن؟ مرۆ لای سەیرە، کە بۆچی باخەوانی هاوبیر باسی پاسۆک ناکات، کە ئەو حیزبە دەربڕی روح و ئاستی کوردایەتی ئەو بوو، بەو ئاکامە کۆمیدی/تراژدییە گەیشت! لەوەش گەڕێ، کە ئێستا دوای ئەوەی بەزمی "گۆڕان" بوو بە مۆدەی دووکانێکی نوێی سیاسەتبازیی و کاسبی کۆنە سیاسیی و نووسەرە مێش ئاکارەکان، ئیدی بەشێک لەو پاسۆکانەی کە بە هۆی هەر تەگەرە و بەزمی کۆنەقین و کەسییوە بێت نەبوون بە لایەنگری پارتی دیموکراتی، وەک باوە، بوون بە "هاوپەیمان"ی :لیستی گۆڕان". لێ رەنگە کاکە باخەوان بزانێ، ئاخۆ ئەو لیستە دوکانێک، کورسییەکی بەو کۆنە پاسۆکانە داوە یان نا؟ ئەو حیکایەتانە تولانین و لێرەدا ناکرێ هەموویان بۆ کاکە هاوڕێ باخەوان شیکبکەمەوە. لێ باخەوانی هاوبیرمان یان خۆی دەخەپێنێ ئان وا دەزانێ کە کەس بە کەس نییە، بۆیە نازانێ کە دەزانین بەشێکی زۆر لەو پێڕی کۆنە شیوعیانەی کە لە راگەیاندنی پارتی دا بوونەتە درێژەدەری "رێبازی بارزانی"، لە رەچەڵەکدا زۆربەیان پارتی بوون. دەبێ کاک باخەوان بزانێت، لە سەرەتای هەشتاکاندا، کە ئەودەم پارتی بوون عەیب بوو، کەچی شیوعی بوون مانای "رۆشنبیربوون" و پێشکەوتن" بوو، بۆیە ئەو کۆنە شیوعیی و تازە پارتییانەی کە ئەو ئاماژەیان پێدەکا لە کۆتای حەفتاکاندا "قیادەی موقتە"بوون یان بەشێکیان لە بنەماڵەوە سەر بە پارتی بوون. کاتێک بە جەماعیی یان وەک تاکە کەس هاتنە ناو حیزبی شیوعییەوە، تاکوو لەگەڵ بەزم و مۆدەی ئەو دەمە خۆیان کۆک ببینن. هاوکاتیش لە نەوەدەکاندا دوای خۆشکردنی بازرگانی شەڕی یەکتر کوشتنی نێوان پارتیی و یەکێتیی و ئیسلامییەکان، ئیتر زەمینەی

حیزبێکی وەک حیزبی شیوعی بەرتەنگ بوو، کە خەریکی دروشمی یەکسانیی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیی و تشتی ئەوها بوو. ئەودەم کورد بە دەم ئەو چەتەگەریی و شەڕە کوردکوژییەوە بە دەست برسییەتیی و هەلا هەلا بوو بوو. هاوکاتیش کە تازە بلۆکی سۆڤییەت رمابوو، کەچی حیزبی شیوعی ویست و جوامێری ئەوەی نەبوو کە هەڵوێست لە هەمبەر رەفتاری دڕندەیی دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان و لەسەریشانەوە یەکێتی سۆڤییەت و خودی مێژووە دوور و نزیکەکە چەوت و پاشکۆکەی خۆشییەوە وەربگرێت. بۆیە لە ئاکامی ئەمانە و ئەو چەتەگەریی و مافیاگەرییەی کە بەناوی حیزب و حکومەتەوە سامانی خەڵکی کوردستان تاڵاندەکەن و بڕیار لەسەر چاوەنووسی خەڵک دەدەن، حیزبی شیوعی بەرەو ئەو دۆخە بوودەڵە و دەستکورتییە گەیشت کە ئێستا لە پارتیی و یەکێتیی دەپارێتەوە کورسییان پێبدەن. راستییەکەی ئەو کورسییە لەو پەرلەمانەی کوردستاندا، دووکانە نەک ئامادەیی سیاسیی. هەروەک دەرۆزەکردنی حیزبی شیوعی بۆ کورسییەک لەو حکومەتەی کوردستان، مانای راگەیاندنی دۆڕانێکی ئەخلاقییانەی ئەو حیزبەیە وەک خودی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار.

لە کۆتاییدا ناکرێ ئەوها بەسەر ئەو قسە جەڵەبییەی هاوڕێ باخەوان سەبارەت بە خودی مارکس تێپەڕین. بەڵێ، دەکرێ کێشەمان نەبێت لەگەڵ ئەو حیزبە کۆمونیستانەی جیهان و کوردستانیش کە پاشکۆی بلۆکی سۆڤییەت و دژە ئازادیی و بگرە مرۆڤکوژیش بوون، لێ ئەوها لووتبەرانە، یان خودی هاوڕێ باخەوان واتەنی "ئارۆگانت" و سەرپێیانە بێبایەخکردنی کارل مارکس وەک هزرڤان و سۆسیولۆگ و ئابووریناسێک لە لایەن باخەوانەوە، تەنیا وەعز و فتوای ئەو مەلایە بێ عیلم و بێ ئاینانەمان بیر دەهێننەوە کە جار و بار رۆژانی هەینی لە خوتبەی مزگەوتەکانی کوردستاندا، جا بە هۆی بێکارەباوە بێت یان بە هۆی بوغزەکانیان لە خێزان یان ئەو رێکخراوانە ئافرەت/ژنانەوە بێت کە لە جیاتی کۆمەکیکردنی ژنی کورد، کاسبییان پێدەکەن، وەعزی لەو چەشنە عەنتیکەیە دەدەن. بە دەر لەوەی کە ئێمە هاوڕای تیۆرییەکانی مارکس بین یان نا کە لەمەڕ سیستەمی ئابووریی سەرمارییەداریی، پرسی جڤاک، مێژوو، شۆڕش، هونەر و... تاد بەرهمیهێناوە، لێ ئەوها بێ بەهاکردنی مارکس، کەمزانی هاوڕێ باخەوان لە ئاستی تێگەیشتنی لە کۆی هزر و تیۆریی نیشاندەدا. دیارە ئەو تەرزە قسە جەڵەبییە، ئەوها بە پێخاوسی سووکردنی مارکس و زۆرێک لە فێلەوسوفانی تر و نووسەری جیهانیی و خۆماڵێش لە لایەن بەشێکی زۆری کۆلکە نووسەر و سیاسەتکاری رۆژانەی کوردستاند،ا تشتێکی نوێ نییە بۆ ئێمە. هاوکاتیش هەموو دەزانین بەشێک لەو نیو لیبرالیس و نیو کۆنپارێزانەی رۆژئاواش، جار و بار، ئەوها مارکسیزمیان وێنە کردووە و دەکەن. لێ، ئەوەندەی من بزانم، نووسەر و ئاکادیمییەکی پۆسپۆڕ لە بوارێکی زانستە مرۆڤایەتیی و سروشتییەکانیش نەخوێندۆتەوە کە وا مارکس بە فشە و مردوو بزانێت. ئەوەی لە رۆژئاوا لە قۆناغی ئامادەیی و زانستگادا مێژووی هزر، کۆمەڵناسیی، ئابووریی و فەلسەفەی خوێندبێت دەزانێت کە تێزەکانی مارکس وەک کۆی تێزی هزرڤانەکانی تری رۆژئاوا دەخوێنرێت. من کە خۆم لە ئامادەیی و زانستگادا دەمخوێند، گوێم لە مامۆستاکان و خوێندکارێک نەبوو کە، وەک باخەوان، تیۆریی مارکس بە پووچە بزانن.

ئەو قسەی باخەوان سەبارەت بە مارکس لەو رقەی چەپڕۆ و مرۆڤخوازە وشکەڕۆکان دەچێت سەربارەت بە خودی نیتشە و فەلسەفەکەی. دوای رژێمی نازی ئەلمانیا، وێڕای دەیان روونکردنەوە لەسەر فەلسەفەی نیتشەدا، کەچی چەپڕۆ و بزاڤە مرۆڤدۆستە سافیلەکان، وەک هاوڕێ باخەوان، تاوانی نازییەکانی ئەلمانیا دەبەنەوە سەر نیتشە.

بۆیە هیوادارم کاک هاوڕێ باخەوان لە نووسینی ستوون، وەعز و خوتبەی سێ شەممەکانی داهاوتوویدا، ئەگەر دەخوازێ کوردایەتی کوردان بفراژێنێت، چیتر لەناو ئەو چەشنە قووڕە لیتاوە خوول نەخوات کە هەم پێش ئەو نیو سەدە زیاتر کەسانی تر خوولیان لەناویدا خوارد و هەمیش ئەم ڕۆژگارە هی ئەوە نییە کە لە پەنای کوردایەتییەوە بەو جۆرە وەعزانەوە مرۆڤگەلێک فریو بدەیت کە بە بیانۆی "ئیفلاس"کردنی حیزبی شیوعییەوە مارکس و مارکسایەتی ببوغزێنن.

2010.4021

ستۆکهۆلم

/http://handren07.kurdblogger.com